The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
ÇAK
contact@chak.info

# پارتی سۆسیالستی هۆڵەندی لە هەوڵەکانی بۆ قوربانیانی هەڵەبجە بەردەوامە

## هۆڵەندە دەبێت پرۆژەی داودەرمانی هەڵەبجە دابین بکات

پارتی سۆسیالستی هۆڵەندی کە لە دوا هەڵبژاردندا رێژەی دەنگەکانی 100٪ چووە سەر , داوایان لە وەزیری پەرەپێدان و هاوکاری ( ڤان ئەردێنە) کردووە کە خەرجییەکانی ئەو پرۆژە پزیشکیەی کە تایبەتە بە قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە بگرێتە ئەستۆ .

ئەو پرۆژە پزیشکیەی کە زانکۆی لیڤەرپوڵ و هەندێك رێکخراوی نا دەوڵەتی بەرێوەی دەبەن ئێستا لە قۆناغی راوەستاندایە بە هۆی نەبوونی دراوەوە .

کریستا ڤان ڤێلزن ئەندام پەرلەمانی پارتی سۆسیالست لە پەرلەمانی هۆڵەندی دەڵێت :

هۆڵەندە بەرپرسە بەرامبەر بە قوربانیان بە دابینکردنی دراو بۆ درێژەدان بە پرۆژەکە , بە لە بەرچاوگرتنی ئەو مادە کیمیاویانەی هۆڵەند بە عێراقی فرۆشتووە و لە دروستکردنی چەکی کیمیاوی بەکار هاتووە . بەرێزی باوەری وایە ئەم کۆمەکە بچووکە رۆڵ دەبینێت لە بەرێوە چوونی ئەم پرۆژەیە و حکومەتی هۆڵەندەش بەرپرسە بەرامبەر بە قوربانیان .

ئەم پرۆژەیە لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری کار دەکات و کۆمەکی قوربانیان دەکات , خەرجی گشتی 100000 ئیرۆیە لە ساڵێکدا , تایبەتە بە رێگرتن لە مردنی منداڵانی تووش بوو بە مادەی فۆلیۆم زیور , کە دەبێتە هۆی رێگە گرتن لە دایك بوونی منداڵانی کەم ئەندام و لێکۆڵینەوە لە چارەسەری نەخۆشی شیر پەنجە .

هەروەها گرنگی تایبەتی هەیە بۆ ژنانی سك پر و رێگە گرتن لە کەم ئەندام بوونی منداڵان .

هەروەها پارتی سۆسیالست هەواڵی مەراسیمی هەڵەبجەی 19-3 ئەمستردامی لە پێشەوەی ماڵپەرەکەی خۆیدا بلاو کردۆتەوە , دەتوانن لەم ناو نیشانە سەیری بکەن :

http://www.sp.nl/
http://www.sp.nl/nieuwsberichten/060312-van_velzen_kom_naar_halabja_herdenking.html